# دۆزەخستان



نووسینی
کارزان مستەفا حاجی سابیر کۆیی

# دۆزەخستان




نووسینی : کارزان مستەفا حاجی سابیر کۆیی

تشرینی دووەمی / ٢٠٠٠ ی زاینی ( چاپی یەکەم ) سەرما وەزی ٢٧٠٠ ی کوردی

# دۆزەخستان



ناوی کتێب : دۆزەخستان .

نووسینی : کارزان مستەفا حاجی سابیر کۆیی .

کۆمپیوتەرو مۆنتاژ : هەواڵ ئازاد مەحمود

مۆنتێف : هونەرمەند ئیسماعیل خەیات /کارزان مستەفا

تیراژ : ٢٠٠٠ دانە .

ژمارەی سپاردن ( ٤٤٤ ) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵی ( ٢٠٠٠ ) ی پێدراوە .

# دۆزەخستان

## پێشکەشە :

بە : سۆزو خۆشەویستی تۆ ( دایە ) گیان .

بە : بەڕێوەبەرو مامۆستایانی ( قوتابخانەی ...... !! ) ڕۆژانـــــی کچم .

بەلاّم تو ماندو بوونتان و پیرۆزی ووشەو خاك مەهێلن ئـــەو پە پولە دلّ بیگەردانەی پێمان سپاردوون بە سیاسەت و شەڕو سیاسەت مەداران ئاشنا بن.

پێشکەشە

بە : کاروانی ئاشتیش !!!



# دۆزەخستان



## شەڕی شیعر بۆ مەرگی شەڕ

ئەڵبەت بۆ خۆم هەرگیز لەسەر ئەوە نەبووم‌و نابم لەگەڵ شەڕ تەریب‌و تەبابم.. وەلێ چ بکەم گوناهی منی کورد لەوەدایە، کوردم.. سڵاو ونەوازشیش بۆ ئەو لە دایکبوونەم.

کەس نییە لە ئێمەی نێو ئەم کوردستانە سوتماکەدا چەندین درامای ئاکامی شەڕی نەدیبێ ئەویش بە هەردوو ڕووەکەیەوە (هەق نا هەق) .. جا ئەوی ڕەوا بوبێ خاوەن شەهید شانازی پێوەکردووە.. پێچەوانەکەشی مایەی گازندەو نەفرەتی خەڵك بوون.

لە مێژە خەڵکی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافی ڕەوا خەباتیان کردووەو قوربانییان داوە لە نێو ئەو چین و توێژانەشدا (ڕۆشنبیران) کەلە ڕوانین و تێگەیشتنیاندا (تاڕادەیەکی زۆر لەبەر چاو) بۆ هەڵوێست وەرگرتن جیاواز بوون و ڕۆڵی لەبەرەی خاك ویستیان هەبووە.

پاش ڕاپەڕین، لەدوای پاکتاو کردنی بەشێکی ئەم (کوردستانی گوڵ بوون بە خوێنە) ..شیعر بووە مقاوەمەت دژی شەڕی خۆ کوژی و قڕکردن و یەکتر بڕاندنەوە چونکە ئەو هەڵوێستەی وەرگیرا، شیعری قەرەوڵ نییە شیعری فرمێسکە نەك سەنگەر، گازندەیە نەك پەلامار مرۆڤە نەك کوژەر، دواتر شیعری بەرگرییە لە تەفرو تونانەبوون دا بەسوتماك نە بردنی کوردستان بەدەستی خۆمان! ئەڵبەت من ووتاری سیاسی نانووسم وەلێ لەو تیرۆژەی سەرێوە کە بەچەند دێڕێك ئاماژەم

پێدا ، دەمەوێ خوێندنەوەیەکی خۆم بۆ قەسیدەی (دۆزەخستان) ی شاعیری تاسەر ئێسك دژی شەڕ (کارزان مستەفا سایر کۆیی) بنووسم.
لە یادمە ساڵی ١٩٩٢ کۆڕێکی چلەی ماتەمینی بۆ شەهید (شێخە) ی برای کاك (وەهاب) ی سەرتیپ سازدرا، ئەڵبەت بۆتە عورف کە لەو جۆرە مەراسیمانەدا، شیعر پێشڕۆیی دەکا، لەو مەراسیمەدا ئەوی سەرنجی ڕاکێشام شیعرێك بوو کە خاوەنەکەی نەهاتە سەر مینبەرو (وەك دواتر زانیم) تکای لە دەستەی چلەی ماتەمگێڕیش کردبوو نێوزەدە نەکرێ.. شیعرەکە بە نێوی (شەهید شیخە)بوو، بزۆزی شیعرەکە ناچاری کردم لە دوی شاعیرەکەی بکەومە سۆراخ.. دواتر و پاش تەواو بوونی مەراسیمەکە هاوڕێیەکی دێرین بۆ خۆشهاتن و دوعا خوازی هاتەکنم پرسیم:

داخۆ ئەو شیعری (شەهید شێخە)یە ئی کێبوو؟ پاش کەمێك بێدەنگی، ووتی: شیعری من بوو..

نایشارمەوە کەمێك بەزمانی لۆمەوە گووتم:دەبا خۆت پێشکەشت کردبا، گووتی:ئەوەم لۆ برازای خۆم نووسیوەو بەتەنێ دەردە دڵی خۆمە نەك بۆ ئەوەی خۆم بەخەڵکی بناسێنم کەمن شاعیرم. هەر ئەوەندە وەڵامی دامەوە هەناسەیەکی بۆ فرمێسکەکانی(نظام)ی براشی هەڵکێشا.
ئەو گووتەیەی-کارزان-لەلای من ئاسایی نەبوو چونکە لە زۆر کۆڕی تایبەتدا شتی جوانی دەخوێندەوە هەروەکو قسەی بەتامی هەبوو لەمەڕ

شیعر، لە یادمە جارێکیان ووتی: حەزم لەشیعری نوخبە نیە با بەزمانێ بنوسرێ خەڵکی ئاساییش لێی حاڵی بن.

لەدانیشتنێکی تردا باسی (سەراب) کرا،کە ئەو دەمە زۆر بەکار دەهات ، بەهێمنی گووتی:

تراویلکەشی پێ دەڵێن، پاشان ئەوەشی گووت کە لە ناوچەی ئێمە(کۆیە)-زیخە شینکەشی پێ دەگوترێ .

ئەڵبەت بەزاریدا دیار بوو زۆر بە -سەراب-ئاشنا بێ بەتایبەت چونکە نزیکەی پێنج ساڵێك لە ناوچەی (چبایش)ی عێراق لە-مەنفا-دا بووە، بۆیە هەر لەو بۆنەیەدا کۆپلەیەك لە شیعری-سەراب-ی خوێندەوە (کەپێم وایە ئێستا لەگەڵ چەند شیعرێکی تریدا نامیلکەیەکی ئامادەیە)

لۆ کەس نیە لە سەراب بدوێ
سەراب حەزەکانی منە
حەزەکانم لۆ ئەنگۆ
گەر دەی گەتێ
گەر نا
لۆ کەس نیە لە سەراب بدوێ

ئەم دەستپێکەشم بۆ ئەوەبوو پەنجەرەیەك بۆ ڕوانینی ئەم قەسیدە درێژە ئاوەڵاکەم و لەوێوە ڕائێستێك لە سەر ئەزموونی شاعیر بکەم کە بە هۆی بێدەنگی خۆیەوە درەنگتر ناسرا، ئەویش لە ڕاستیدا دەبوو زوتر خوێندنەوەیەکی پێویست بۆ شیعرە سەرەتاییەکانی نووسرابا، ئەڵبەت

ئەوەشیان زۆرتر پەیوەندی بە تەمەڵی خۆیەوە بووە، ئەگەر نا بڵاوکردنەوەی ئەم قەسیدەیەش ئیستەرەمی من نەبا وەکی ئەوانی دی لێ دەهات.

کاتێك لە کۆپلەکانی ئەم قەسیدەیەی دەخوێندەوە هەستم دەکرد دڵی قوڵپ دەدا، ناوە ناوەش فرمێسکی دەسڕی:

با شیعری ئەو شاعیرە دوو ڕوانە
ئەبینم .. ئەبیستم
بۆ فەلەستین و منالان
(تەلزەعتەر یان نووسیوە
لەو لاشەوە منالانیان لە منالی وان برسی تر
نیشتمانیش لە فەلەستین بریندار تر).

ئەم هەڵچوونە پڕ لە گیانی نیشتمانییە، ڕەتکردنەوەی کێشەی ڕەوای فەلەستین نیە بەڵکو پێویستی لە بەر چاو گرتنی کێشە ڕەواکەی خۆشمانە. ئەتوانم بڵێم چاونەترسی و سڵنەکردنەوەی ژیانی ئاسایی خۆی بۆتە هەوێنی شیعرەکانی‌ئەوەتا هەر لە سۆنگەی ئەو هەڵچوونە ڕەوایەوە، لە ئاستی شەڕێکدا کە هەموو دەزانین بایی چەند ماڵ کاول کەرەیە ئەوها دەڵێ:

ئەو تفەنگانە نەبوون
شەڕیان پێدەکرا؟
تۆ بڵێی ئەو تفەنگانە
عەقڵیان بە تەقەی خۆشی بشکێ..
بە تاڵی شەڕ نەفامن ..؟!

# دۆزەخستان

کرۆکی خاک ویستی و نەتەوە پەرستی لای شاعیر، ئەگاتە ئەو پەڕی کاتێ دەنووسێ:

**ئێوەش مێزەر سپییان**

**هەی لە خوا ترسان**

**خەتیب و دەستەی مەلایان**

**قورئانی پیرۆز، لە ئامێزتان دەنێم**

**(الساكت عن الحق، شيطان أخرَس).**

ئێمەی نەوەی حەفتاکان بەهەندەك داب و دەستوری شیعریەوە موعجەب بووین.. هەر ئەونەریتەش سەمتی خۆی وەرگرت و لای ئەو شاعیرانەی لە ئاسۆی تێگەیشتنەوە بەکاریان دەهێنا، بە ئێستاشەوە دەقەکانیان زیندوون.

ڕەمزو ئەفسانەو کلتور ئاوێتەیەکی دێرین و بە عومرن لەو بوارەدا.. لێرەدا گەرەکمە ئاماژەیەکی ڕەها بە یەکێك لەو لایەنانە بدەم کە شاعیر بە ئەزموونی خۆی تێکەڵ کردووە:

**هەر کەسێ لە ئێوە**

**فتوای ناهەقی شەڕ نەدا**

**ستەمکارە**

**نوێژو ڕۆژوی قبوڵ نیە**

**سلاوی..**

**دروست نیە**

سالّی ١٩٦٧ کاتێك ئەو نسکۆیە بەسەر شەڕی- عەرەب/ئیسرائیل- دا هات کە بۆ خۆیان ناویان ناوە ((نشوستی حوزەیران)). لەو دەمەیدا چەند شاعیرێکی لەبەر چاوی عەرەب-نزار قبانی، مظفر نواب، محمد الماغوط.. تاد، ئەوەی بە هەڵەی عەقڵی سیاسی عەرەبیان کرد، ئەگەر قەڵەمێکی سیاسی ئەوەی کردبا دیارە چارەنووسی بەجۆرێکی دی دەبوو.. مەبەستی سەرەکیم لەو نموونەیە ئەوەیە ، باشاعیرانی کوردیش لە دیاردە بەرنامە بۆ دارێژراوەکانی خۆمان بێدەنگ نەبن (دیارە بەگژاچوونەوەی شاعیرانە) چونکە بەدەر لەشەڕ ئەگەر بویستریٚ زۆر ڕێگای تر هەیە:

تەرزە گریان دەسڕمەوە
سکڵ و پشکۆی فەرهەنگی خەمی ئەم عومرە
لە گرِدانی سینە دەنێم
بە خۆم نیە،
وا هەست دەکەم
لە سەرووڕگی هەتیوانی ئەو شەڕە
نان.. دەخۆم !.

وەك لە سەرەتادا ئاماژەم پێدا-کارزان-خۆ کپ کردنی بووە مایەی درەنگتر بلاّوکردنەوە، دەنا هێندەی من ئاگاداربم لە سەروی هەفتاکانەوە بیٚ پەلەو زۆر لە خۆکردن و دەرخستن هەوڵی جوانی هەبووە، ئەوی هاندەری من بوو بۆ ئەم ئیستەرەم کردنە شیعرێکی بوو بۆ شەهیدێکی مەزنی نووسیوە کە کەسی خۆیەتی زۆر جار بەرگوێم دەکەوت لە کەناڵەکان . نازانم بۆ دەگریام دەشیٚ لەبەر ئەوە بووبیٚ کچان ، بێوەژنان یا... یا ... بیٚ بەلاّم ئەوی زیاتر غەمباری دەکردم کەس کارزانی نەدەناسی .

# دۆزەخستان

وەلێ بەشەرمنۆکییە ئاساییەکەی خۆی کە تا ئێستاش لەگەڵیدایە، بۆ نزیکانی خۆی خوێندونەوە.. ئەوی بە ئێستاشەوە لە یادم بێ ئەو کۆپلە ناسکە پڕ سۆزەی دیوی دوابەرگە کەوەك گلەیی دەرهەق بە بابە مستەفای سابیر کۆی گوتیە .. منیش وەك کۆییان حەزم لێیە ئەوسۆزە بەتامە بەسەر بکەمەوە چونکە ماچ وازی زارۆیانی خۆم بیردەخەنەوە .

بۆ ئەم قەسیدەیەش هەر جارەی بە بیانویەك خۆی دەبوارد تا لە (خەتا گیراو) چاری نەما.. ئیدی بەڵێنی ئەوەشم دایێ خوێندنەوەی خۆمیان دەربارە بنووسم (ئەڵبەت خوێندنەوە !) ئاساییە بە تایبەتی لە نێو ئێمەدا کە تا ئێستاش لە زۆر بواری ڕۆشنبیریدا پاشکۆی میللەتانین، لە نێو زۆر بوونی دەنگی شیعریو بواری تردا ئەڵبەت خوێندنەوەکانیش جودان.

بە بۆچوونو بڕوای من ئەم قەسیدەیە پەخشان ئامێزەی برای شاعیر (کارزان کۆیی) وەك نەفرەتێك لە دژی شەڕ وەك هاوارێك کە ئاوێتەی هاواری دایکانی شەهیدو منالانی پێشمەرگەو ڕۆڵە بەدەست شەڕەوە ئاوارەکانە.

من لە نزیکەوە ئاگاداری ژانو ئازاری لە دایکبوونی هەندێ لە هەناسەکانی ئەم قەسیدەیەم، خۆ ئەگەر هیچی لە دەست نەهاتبێ.. پرۆژەیەکە بۆ دژە شەڕ ..

ئای شەڕ  
ئای ناپاکی  
ڕازەکانم دەتلێنەوەو  
زەبری شەڕ ناپێکن  
منیش بەرەو وونبون ڕێ دەنێم  
دەستە و دامێن  
بەناخی ئاگری شەڕدا.. ڕۆدەچم.

# دۆزەخستان

بنۆڕن دێوە زمەی شەڕ لەم وولاتە ئەنگوستە چاوەدا چۆن لە سەر سنگی هەمووان چۆکی داداوە مالێك نیە تاپۆی ئەوی تێدا نەبێ، حزوری وی بۆتە حزوری ئەرخەوان لە گردەکەی (سەیوان) ی سلێمانی و گردە شەهیدانی شارانی تری ئەم دەڤەرە:

ئەو کاتە شەڕ
دەبێتە ترسێکی تری شەونشینم
ڤینم ناتۆرێ
دەبمە نێچیری و
بەناخی بەستوما ڕۆ دەچێ
هیوا بەری خوێن دەگرێ و
جوانە مەرگ دەبێ

ئەگەر نا ئەو هەموو دروشمە ڕەش و کراسە ڕەش و مەدالیایانەی دوای ڕاپەڕین چین..؟ بلێی تەواویان قوربانی تەقەی خۆشی بن!

کوڕی ئەو ڤارەمانەو
عارەبانەیەکی دەستی دەبینم
هەموو ڕۆژێ چاوشارکێ
لەگەڵ پۆلیسدا دەکات
نەبا دایکی لە برسانا
سەری
بابی
شۆڕ
بکات

هەر بەو بۆنەیەوە حەز دەکەم ئێستێك لەسەر (پۆلیس) بکەم (کارزان) بۆ خۆی سەردەمانێك ئەفسەری دەرەجەدار بووە، جا لێرەدا ئێستێکە لەوەدایە، ڕقت لە پیشەی خۆت ببێتەوە لە کاتێکا کە پێی بزانی لە هەندێ بواردا لەبری خزمەت ستەمی هەبێ، لەبری هێمنی ئاژاوە گێڕبێ، بۆیە هەر لەو ڕوانگەیەوە شاعیر بە سەربەرزیەوە دەڵێ:

منی لە ناو گێژاوی پۆلیسی خولقاو
دورترین کەس لە هەستی ئەوین
بڕیارت پێدام
بێریەکەم وەلانێم و خۆم ئازادکەم
لەبری ئەو بێریە ڕەشە
تاجە گوڵینە شیعرێکی بەتام

لە سەر نێم .

ئیدی ئەمە کوردستانە هەمیشە موبارەکەکەی ئێمەیە، بەخۆمان نیەو کراوە بە دووبەشەوە، بێوەژنێك نۆ جەژنە دەباتە سەرگۆڕی مێردەکەی.. براکەی.. بەشێك لە خوێنەکەی ..لەو لاشەوە ڕەشبەڵەکە. هەر ئەوەشە پرسیاری مێژوو.

عوسمان شەیدا
ناوەڕاستی تشرینی دووەم
سلێمانی / ٢٠٠٠

## دۆزە خستان

ئۆی شەڕ
دێوەزمەی ئەم کوردستانە لەت لەتە
کەدەتبیستم
بێوەژنە ڕەشپۆشەکەم دێتەوە یاد
هەموو سپێدەی* جەژنانێ
ڕوو دەکاتە گۆڕستانێ
یادە وەریەکانی پێیەو
بەدەم ڕێـــوە
فرمێسکی خوێناوی دەرژێ
هەتیوانیشی فێر نەبوون
بەبێ بابیان
دەست بۆ کاسەی جێژن بەرن
وا چەند ساڵە
خواردنی جێژنێ لێ دەنرێ و
بێ تام و بۆ تووڕ هەڵئەدرێ
بەرگیش هی جەژنانی ترە
لەبەر دەکرێ
ئای لەو خەمە چەندە قورسە
هەموو جەژنێ ئێخەم دەگرێ
دەبێتە میوانی سفرەو
لای منیش..پرسە دەبەسترێ،
خوا سەبەب کار بگرێ
*   *   *

*سپێدە: بەرەبەیان ... کازیوە



# دۆزەخستان

ئیدی بە خۆم نیە

لەگەڵ ئەو ئازارە دەژیم و

خەمێکی ئاڵۆز تێم دەئاڵێ

کۆچ دەبێتە میوان

بەندو کۆت

فەهۆ* لە ئامێزی خۆییم دەنێ

تەرمی ڕەش دەبینم

ئەڤین سەر لەگۆڕی

ئەبەدی دەنێ و

منیش دەتاسێم

لە ئاستی سووتانی سۆزدا

مەلول ژیانم هەڵ دەقرچێ

بەیدەست** ....

زووخاو دەنۆشم

لە کوخی ئازارەکاندا..

...سڕدەبم...

ئەستێرە سپیەکان دەبینم

سوور ئەدرەوشێنەوە

فرمێسکی خوێن ئەسڕن

شەڕخوازانیش نایانبینن

*فەهۆ: شەرم

**بەیدەست: بێ دەسەڵات



# دۆزەخستان

ئەندێشەکانی شەڕ دەناسمەوە
لە چرە دوکەڵی خۆیاندا
ڕیشەی دڵی ئاسوودەیی لەبن دێنن
خەبات بادەرەوەکانیش
چنگی ڕەشیان
لە بینە قاقای ئاشتی دەنێن
. بۆ تالآنی.
ئاوێنەی چاوانم دەشکێ و
سکتر ...سکتر *
بە پەل کوتان
تەرزە گریان دەسڕمەوە
سکڵ و** پشکۆی فەرهەنگی خەمی ئەم عومرە
لە ئاگردانی سینە دەنێم
بە خۆم نیە ...
واهەست دەکەم
لە سەر ورگی هەتیوانی ئەو شەڕە
ئان
دە ...
خۆ...م...و
ئەمن بەردی کۆڵێم
لە گۆڕناوە



**سکتر: بێدەنگی لە ناچارییا**

**سکڵ: بە پشکۆی زۆر گەشاوە دەوترێ.**

(*بەردی کۆڵێ*) لە شاخەکانی (*کۆیلێ*) لەسەر ڕێی گۆمی کەونە پردێ، بەردێکی گەورە لەسەرڕێگا بوو پێیان دەگووت (*بەردێ کۆڵێ*) جاران ڕەزەوانەکان شتو ڕزقیان بەکۆڵێ دەهێنایەوە شار، واتە (*کۆیە*). کەدەگەیشتنە ئەو بەردە، کۆڵەکەیان لەسەر دادەناو پاڵیان پێوە دەدایەوە لەوێ تاوێ بۆی دەحەسانەوە. بۆیە ناویان نابوو (بەردی کۆڵێ) لە ساڵی ١٩٦٠کابرایەکی بەردکێشی کاروانچی بەردەکە دەشکێنێ و بۆ خانوو دروست کردنی دەبا ئەو شوێنە لەڕەزوانەکان وندەکات، بەڵام نەیتوانیوە لە مێژوو بیشارێتەوە.

سەرم بە گومان دەبێ لە خۆی
بژاری ناڵەی...
دڵی پڕ ئێش دەکاو...
حەزەکانم دەسووتێن
دەسووتێن بەسەرپڕاوی
کاتی چاوەڕوانیم ناسرەوێ
ماڵ وێرانی شەڕ لەکۆڵ دەنێم
لەژێر ڕەشماڵی کەدەردا
بە تاو ...دەگریم...
بۆ ئەو پەیاکە* بێ پاسپۆرتانەی
لە گۆمی خوێندا
... مەلەدەکەن و...
... منالیان ...
... بەقەدەر سپاردووە... •
(ئێمە لەسەرەتاوە لە زەلکاوە مەزنەکانی شۆڕش و لە زێرابە پڕ لە بۆنەکانی مێژوو وەڕس بوین)**

* پەیاک: داشی شەترنج... بەتایبەتی بە پیادەی شەترنج وە دوترێ
**دێڕێ لە شیعری محەمەد ڕەنجاو لەشیعری (...).

# دۆزەخستان

چاوەڕوانی دەمورژێنێ

پەژارەیی و بێ مرادی

لە بۆ خۆم دەچنم

فرمێسکی خوێن دەڕێژم

چاوەڕوانی...

شەپۆلی تەماوی شەڕ دەکەم

تا بەرەو چارە نووسێکی وون بوو

خۆم و ماڵو منداڵم... هەڵ پێچێ.

ئاواتەکانیشم ...

بە ئێوە دەسپێرم...!!

لە ئێوەش تکا دەکەم

مەتۆقێن ..هوەیدا *

وەك دار سنەوبەرەکەی ماڵی باپیرم

تەنها ...و تەنها

یەك ڕەگ و لانەتان هەبێ

بالە دوو مێژوودا لە خاچ نەدرێن

لەزستان و هاویندا

هەر بە کەسکی

خۆتان بنوێنن

* * *

*هوەیدا : بە ئاشکرا

ئێوەش مێزەر سپییان

هەی لە خوا ترسان

خەتیب و دەستەی مەلایان

قورئانی پیرۆز...

لە ئامێزتان دەنێم

((الساكتُ عن الحق شيطانٌ أخرَس))

باكونە پەپووی بەدووم*

لە سەر دیواری ماڵی خودا

نەخوێنێ ....

لە لوورەی گەلە گورگ مەترسن

مەتاکەنگێ ...

.. بێ دەنگی...

هەر کەسێ لە ئێوە ....

فتوای ناحەقی شەڕ نەدا

ستەم کارە ...!!

... نوێژو ڕۆژوی ...


... قبول نیە ...

سلاوی ...

... دروست نیە

دەمێزەرێ لە کفنەکەی ...

مەلای داسنی کوژ**... دادڕن



*بەدووم: نەگبەت: شووم
**مەلای داسنی کوژ: ئەم پیاو چاکە ( مەلا محەمەد ) بووە کە ناسراوە بە ( مەلا محەمەدی داسنی کوژ).

لە مزگەفتی ( قوشخانە ) بووە، دەزانێ کە حاکم نیشێکی ناشرینی کردووە شەوێک دەڵێ :" حاکم ئەگەر نەمرم.. ئەم شەو دەت کوژم و ( یاسین ) یشت لەسەر دەخوونم".
شەو مەلا بەسەر قەڵاتێ هەڵ دەگەڕێ و دەچێتە ژووری حاکم و خەنجەرێ لەسەر دلی دەدا....
دێتەوە مزگەوت و خەنجەرەکەی دەشواو دەست دەکات بەنوێژ کردن.
هێندەی پێ ناچێ لە دوای دێن و دەچێ یاسینی بەسەردا دەخوێنێ.

تێبینی: حاکم لە کۆنە قەڵات بووە، کە گەرەکی (قەڵات)ی بەناوە کراوە لە شوێنی انحصاری ئێستا بووە. حاکم لەوێ دانیشتووە، مەبەست (کۆیە)یە، وە ئەم مزگەوتە تا ساڵانی (١٩٣٠) بووە، ئێستا نەمزگەوت و نەجێگای ماوە.
وە حاجی قادری کۆیی لە شیعرێکا ناوی قوشخانەی هێناوە. لە ( قوشخانە ) وەتا ( ئیچقلا )...

## دۆزەخستان

ئای کۆتری ئارامی
بەرائەتی گریانی بە کوڵ
لای شاعیرو هەتیوانی شەڕە
بەهای ئەو بەرائەتەش
لە کەمیی نان و زۆریی شەڕ
نغرۆ دەبێ**
تۆش تەرە دەبیت و منیش
چاوم سوور دەبێ و
شەڕیان لێ دەتکێ
زمانم لوول دەخواو
بەدەم وەنەوزی مەرگەوە
لاڵ دەبێ
ئاڵۆزی ڕام دەپێچێ و
بە چنگ
سەنگەری شەڕ دەکۆڵم
کەللە سەرێ ئەدۆزمەوە
لە داخی شەڕ داڕزاوە
بەڵام چاوی زیندووە
وەك كانی فرمێسکی لێ دەڕوا
بۆ بابە گوڕگوڕ دەگری
منیش شەرم دەمگرێ

نغرۆ: وون بوون لە شتێکا

هەر دەترسم لە شەڕ
بەناخی سەنگەردا..
رۆدەچم بۆ ژیان
مەدالیای ..
ملی ڕێگایەکی ونبوو ئەدۆزمەوە
بەڵام لێم ناگەڕێن
بەر دەستان... لە بۆ مەرامی خۆیان
لە سنگی بابمی نێم
ئای شەڕ ... ئای ناپاکی
رازەکانم دەتلێنەوە و
زەبرت ناپێکن.
بەهەتیووی...
سەر دەنێنەوە
منیش بەرەو ونبوون ڕێ دەکەم
دەستو دامێن
بەناخی ئاگری شەڕدا ... رۆدەچم
لەگەڵ تاوانی شەڕ ... دەگەوزێم
وەلێ دانامرکێ قینم
سینەم دەبێتە گۆڕە پانی...
کاروانی تۆڵەو... لەیەک ترازان
* * *

بڕۆکانم لێ دەبنە کەوان
برژۆڵانیشم لێ دەبنە...
تیری شەیتان و
منی هەردەم بێ چەك و بێباسك*
لە جەرگم ئەدەن
پەل بەست ...لەگەڵ تکای ئەڤینێکی بێ گەرد
لەسەر تاتەشۆرێ
خۆم دەناسمەوە
مل کەچ
منداڵەکانم لە ناو تامێژدا **
چەپڵە لێدەدەن .. پێ دەکەنن
کۆتەڵیش ***
بۆ مردووانی ئەو شەڕە دەکرێ
بە بەرگی خوێن و تاوان .. دەڕازێنەوە
منیش بەرەو گردی غەریبان***
تەنهاو ... نەبان ****
مردوو شۆڕەکە
بەڕێم ...
......دەکا.

*بێیاسك: بێ کەس . تەنیاباڵ

**تامێژ: تابووت

***کۆتەڵ:

گەورە پیاوان کە دەمرن لە (کۆیە) نەك هەر ئەوانەی هەر خزمن،بەڵکو زۆر کەس کە خێریان لێ دیتون.. واتە پیاو چاکان کە دەمرن (کۆتەڵ) یان بۆ دەکرا . بەجل وبەرگەکانیان دەیان ڕازاندنەوەو، جلك و بەرگی جەنگیان پێوە دەکردن. لەسەر ئەسپێکیان دادەنا. هەر لەخۆی دەچوو، لە دیوەخان رایان دەگرت.. پیاوانی جگەر سۆزی و کەس و کاری و خۆشەویستانی بەدەنگی خۆش دەیان لاوانەوەو بەکردەوەو چاکەکانیا هەڵیان ئەدا. ئەگەر ئافرەت بوایە ئەوا سەرو کڵاوەکەیان بە شتێکا هەڵ ئەواسی و خشڵەکانیان پێوە دەکردو ژنان سەردولکەیان پیا هەڵدەگوت. بە دەنگێکی وا کەس نەبوو خۆی پێ بگیرێ و نەگری.

****گردی غەریبان:

گردێکە لە کۆیە، ئەوەی پیاوی خراپ بووایە، مەبەست لەو کەسانەی کە خزم و کەسی حاشایان لێ بکردایە، یا کەسێ بێ کەسی بوایەو کەس نەی زانیایە خەڵکی کام لایە، یاخود ئەگەر یەکێ لە دەوروبەری شار بکوژرایەو خاوەنی نەبوایە لەوێ دەیانسپارد (دەنێژرا) تێکەڵاوی گۆرستانی شاریان نەدەکرد.

*****ئەباز: ئەناس، غەریب.

# دۆزەخستان

سەر لە گۆڕ دەنێم
ئای لەم خەوە
لەم ژینە پڕژانە
لە چاوی ئارامگاشەوە *
بۆنی خوێن دەکەم.
ئارام نیم ... ... ناسرەوم.
سەرم لێ دەبێتە ..
سەلکی کافری و **
بێ هۆشان...
بەرد بارانم دەکەن
بە تفاوی پیسیان
لە نوێژم دەبەن
لە وانیش بێ هۆشتر
ئافەریمیان دەکەن
ئێمەی زاناش
ئەوا بابە گوڕگوڕ هیوامان لە پێنا
دڵمان خۆشە ئەم بەهارە
بە خوێنی شەهیدان
لە دێگەڵەو کەپکی حەمەد ئاغا
ئاگری سەرکەوتنی نەورۆز دەکەینەوە
ئافەرم شەڕ !!



*** چاوی ئارامگا ( چاوەقەبر ):**

**ئەگەر یەکێ بیکەس بوایە لە (کۆیە) لە گردی غەریبان دەیان ناشت، وە ئەگەر خزمو کەس و کاری پێیان زانیبا، دەهاتن بە گێچ و بەردی گۆڕەکەیان بۆ هەڵدەبەست.**

**وە لەقەبرەکە لەلای سەرییەوە ڕوو لەقیبلە کونێکی وەکو خەلانچکەیان لێ دەهێشتەوە، وە بەو ناوەی کە کابرا چاوی لە دنیا بووە.. ئەگەر خزمێکی هاتە لای لەوێ دەبینێ.**

**** سەلکی کافری:**

**لەڕێگای هەر مووتەی کۆیە، گردێک هەیە لە وردە بەرد پەیدابووە.**

**بەوناوەی کەسەلکی کافرێک بووە، خەڵکەکە بەناوی ئاینەوە وا فێر کراون کە بەوێدا بڕۆن دەبێ سێ بەردی تێ بگرن و سێ تفیشی لێ بکەن، بەڵام ڕۆشنبیران وای بۆ دەچن کە ئەوە یەکێ بووە لەوانەی بەرگریی کردووە لەداگیرکەرو لەو شوێنەدا شەهید بووە، بەڵام کە داگیر کەر هاتوون ئەو ناوەیان لێ ناوە.**

*منیش بەبۆچوونی خودی خۆم ئەمەیان بە ڕاستر دەزانم...*

ئای شەڕ

ئای گۆڕستان

بە منداڵی لەگەڵ بینینی

هەر دار ئەرخەوانێکا..

تۆم دەهاتە یاد

ئەمێستا..

لەگەڵ بیستنی ناوی نەهامەتیت

خۆم لای تۆ ... ئەدۆزمەوە

بەچەواشەیی لەگەڵ..هوڕژاند*

خۆڵە مێش و بابوسکەی شەڕ**.. دەبێژمەوە.

ئەنجام...

هەتیوانی ئەو شەڕە...

دێنە سەر لەپی دەستم

برسی و تینو... پێپەتی و بێکەس

ناسرەون... دانامرکێن... دەگرین.

بەکوڵ دەگرین و... دەکڕووزێنەوە

تێم دەناڵێن

بێ نەواو بێکەس

بەرۆکم بەرنادەن .

*هورژن: پرمەی گریان، شەیور، یاخود دەنگی گریان

**بابوسکە : سووتوو- پاشماوەی سووتان



# دۆزەخستان

لە پڕ شەیتان شاڵاودێنێ
بانگی بێزاری هەڵ ئەدا...
لە ئێمەی نەبانەو*
خۆی دەبێتە بانۆک **
بەهانایانەوە دێ.
لە ئامێزی ئاگراوییان دەنێ.
بە دەسکەوتی بارانی خوێنی ئەو شەڕە.
ڕەحمێ دەکاو...
سێوەکەی ئادەمیان
لۆ دەکاتە...
تریتی خوێن
ئەوانیش برسی و بێکەس
ملی لێ دەنێن...
... فەرهودستانە.
لە سێوەکەی باپیرە گەورەو
خوێنی باوکیان
گوێ ڕایەڵ و هۆگری شەیتان
گەمە بە خوێن..
دە ...
...کەن.
...لە کابوسستان
ئافەرم شەڕ... شەڕی ...!!



*نەبانە :


شیر دمرێ کەبێچوی خۆی ناوێو شیری ناداتێ.. هێندێ جاریش بەکاردێ کەیەکێ لەیەکیکی تر دەتۆرێو قسەی لەگەڵدا ناکا. دەڵێن نەبانە لە فلان ( بەبێ کەسیش بەکاردێ بە لام لێرەدا بەمەبەستی سەرەوە بەکار هاتووە ) .

** باتۆك :

بەکەسێ دەوترێ کەبێچووی دایك مردو بخاتە بەر دایکیکی تر

ئەو کاتە شەڕ
شەڕی ترتڕە *..!!
دەبێتە ترسێکی تری شەونشینم **
لێم ناتۆرێ
دەبمە نێچیری و
بە ناخی بەستووما ڕۆدەچێ
هیوا بەری خوێن دەگرێ و
جوانە مەرگ دەبێ...
ناڵەی شەهید دەبیستم
پیش دەخۆمەوەو.. دڵم پڕ
وێران کەر دەبینم
جوانی پەرەوازە دەبێت و
لەسەر تەلاری نامۆیی ...
چاو لێك دەنێ!!
منی ونبووش
لە چۆڕاوگەی بارانی خوێندا
سەر لێ شێواو
سام دەمگرێ...
سام فەرمووم لێ دەکا ...
شپرزە رادەمێنم ...
هاواردەکەم ...
...هاوار.

*ترترە: گیایەکی وەك هەودا دەزوی زەردە کەلە سەوزی دەئاڵێ و وشکی دەکا.
**شەونیشن: بەکەسێك دەوترێ کەشەو نەخەوێت.



مەرگم دەوێ...

...مەرگ.

مەرگ دەتۆرێ و

بەدڕکەنەی سنوور ...

خۆی کفن دەکا، یاخی دەبێ

ئای مەرگ ...

...تەنها ساتێ

لەبری خەونی برسییەك

مەبەستمە..

... تەنها ساتێ. لە ئامێزتا

خەونی ئەبەدی ...

...بم باتەوەو

شەڕی ئەو برایانە ...نەبینم

بەخوێنی خۆیان و...

چەکی شەیتان..!!

یەکتری بپێکن ...!!

لە ماڵی ...

خۆیان !!

*   *   *



ئای ژنە چاو شینەکەم

پرچت مەڕنەو... مەترسە

ترست دامرکێنە... بۆ ژێر باڵی من

بابە هێمنی باسی.. شەڕ خوازانت لۆ بکەم

من بە پرشنگی چاوی... تۆ...

لە تاریکیدا

مناڵە نەشمیلەکانمان.. دەبینم

بەڵام.. ئەوان

بەپریشکی ئاگری شەڕ

لە تاریکیدا..

دەسکەوتی خوێن ڕژان.. ئەدۆزنەوە

دڵەکەم..

لەشەڕدا هەموو شتێ بەندە

تەنها ئۆرگانەکان نەبێ

لە درۆ ئازادن

گەر دەشتەوێ دەست لە ملی ڕاستییەکان بکەی

بڕۆ لۆ دیواری مزگەوتەکان

خەڵکی داخی دڵیان

... لەوێ ...

... هەڵواسیوە

* * *

ئای ژنەباوك بەسۆزەكەم

بابە هێمنی كەمێ پێ لە دڵم نێم

بابە دڕكی شەڕ.. ئاشنات كەم

مەڵێ شەڕ دەناسم ...!!

گوێم لێ ڕادێرە

شەڕ گەمەكانی ئێمە نیە

بەدەست لەملانێ .. لەیادمان چێ

بێ سەر فرۆییمان لۆ كەس

ئەمە بێ بەهانییە

سەر بڵندیە ..بۆ جەرگمان

كەسمان باڵی كەسمانی..

بەئاگری شەیتان .. نەسووتاندوە.

ئای دایكی منالْ و ...نازەكانم.

دایكی تەمەنی بەسەر چووم

ئازاری دڵم ڕاژێنە .

با شەڕ دڵم هەلْ نەكۆڵێ

باخۆم نەكوژم و

تۆش .. زەوت

...بكرێی

* * *

ڕادیۆکەم لێ بۆتە دێوەزمەو...
منیش پاسارییەکی برسی.
دەسا ڕوحەکەم
با ساتێ سەر لە کۆشت نێم
لایە ..لایەکەی داکم لۆ بکە
سا بەڵکو...
مەرگ بێتە میوانم و
ئەسرینی* بێ نازت نەبینم
لە بۆ ..هەتیوان و بێوەژنانی ..
ئەم شەڕە
باچی دی لەپرسەی هەموان..
چەپ گەرد**... رانەمێنم
باڵە بۆ ...
شەقژنی*** کۆترەکان نەگریم
لەترسی قرمژنی شەڕ
مادۆکی****...
... دەنێژن.

* * *

*ئەسرین: فرمێسک، رۆندک، ئەشك.
**چەپ گەرد: ڕۆژگاری چەوت و ناڕاست.
***شەقژن: شەقەی باڵی باڵندە لەکاتی فڕینیا.
****قرمژن: دەنگی تەقەی گەورە، بەتایبەتی بۆ تۆپ وناڵە بەکاردێ.
*****مادۆکی: سەردەمی ڕێك کەوتنی نێرو مێی کۆترە پێکەوە.

ئای ژنە بەسۆزەکەم
... نیاز گیان
نازانم لە بۆ مەرگ.
لە ئامێزم ناگرێ.
تا چەرمەسەری ئەندێشەکانی شەڕ
لەگەڵ خۆمدا بشارمەوە..
لە تۆو...
لە منداڵە سۆز نەدیوەکانم ..لە خاڵیان •••
تەنها گیانەکەت..
کە هەناسەکانی منە
دەیکەمە قوربانی .. تۆو..
دایکە خێر نەدیوەکەم
دایکە بە سۆزو..
سۆز نەدیوەکەم.
بیرتە لە یەکەم نژیارماندا
کەرێك .. بەڵێ کەرێك زەڕی، زەڕی تەقە
تەقەی خۆشیی بەسەرداکردین
هەر دوو ..سڵەمینەوە
دەزانم تۆ لەو رۆژەوە
قینت لە تەقەیە
من زۆر لە مێژتر..قینم لەتەقەو
رقم لە شەڕبووە..

# دۆزەخستان

بیرتە ...لەیلاکەم لە نزیارێکدا*
ئاخت هەڵ کێشا
کەبەرگی وەك ...
سمێڵ ڕەش کەرەوەکە...
... ناپۆشم.
جێگامان وەك ئەو ..
بۆ نە ئەڕازایەوە.
دەست بەسنگەوە... بەردەستان
رانە ئەوستان لەبەر پێمان
دایکی (رۆزان)**
لەو ساتەدا نەم ویست
موچرك بێتە میوانت و
بەرق و کینە ئاشنات کەم .
بەلام ئیستا با بزانی
... کە من و تۆ ...
هەر یەکتری دە ناسین
تۆ لۆم بویتە دایك و
فرمێسکی هەتیوانەم ...
... دەسڕی ..

*نزیار: ئاهەنگ
**رۆزان: کچی شاعیرە

ئەو دیکۆرە
بە عارەقی خوێن کێشرابوو
ئەو پیاوەش.. پیاوی شەڕبوو
دەسکەوتیشی ناسنامەی خوێنە
بۆ رژاوی جەنگەو
گۆشتی خۆی ئەخوا.. لە برسا..!!
ژنیشی زۆرەو..
بەبەرگی خوێنەوە ئاوێزانی ژنانی دەبێ
ژنانیشی ناسلەمێنەوە
دەسا گوڵەکەم
نەتۆی بێگەرد.. ئەو ژنانەی
نە منیش خۆم پێ دەگیرێ
بەردەستێ لەبەر پێما
کڕنووش بەرێ...
بۆ هەگبەی پڕ ئازارم
ئەو ئازارەش
خوێنی برایەکی کوژراو بێ
لەشەڕی خۆکوژیدا..
بەهای خوێنی
لەگیرفانی ناهەقی من ...
... نرابێ ...!

* * *

# دۆزەخستان

ئای شەڕ ...

... ئۆف شەڕ

ئەم وڵاتە

ڕۆژێ بۆنی خوێنی لێ دێ ،*.

ڕۆژێکیش خوێن دەی گرێ،*.

لە ڕووباری خوێنی خۆشیا دەخنکێ

کەسیش نازانێ کێ داگیری کردووە

سا بۆیە ئاواتم

بۆتە کۆیلەی گریان و

سەری کردۆتە سەر...

لاشەی چریە ..

بەسۆزە سەرپڕاوەکان

دەگریم...

.... بۆ ئەو زارۆیانەی**

چاویان بە گوڵە سورە هەڵ نەهاتوەو

بە نێرگزیش...

.... بەبۆن دەکەون

سەبزیش .. ناناسن

هۆکاریش شەڕ خوازانە

ئێستا لە ئێمە گەورە ترن ••

بەڵام مێژوو گۆڕیان

پێ ڕەوا نابینێ .

* بۆچوونی هاوڕێم ماجیدی کریم چاوبەشە بۆ شەڕی ناوخۆ

* زارۆ: منال

** سەبز: خەندە



ئای دڕندە

ئای سەر چۆپی گر

برسیمەو نانم لە بۆ ناخورێ

مراکەکەم * لێ بۆتە

خاکەنازە بەسۆزەکەی

ئاوڕەحمانی زەوڵێو**

خواردنم لێ بۆتە

گۆشتی ونی ئەنفالەکان

پێ لە دڵم دەنێم

لە دژ نەیاران..

بە هەناسە بڕکێ

قووتیان دەدەم

نا لە برسا.. لە شەرما .. بەڵێ لە شەرما

لە شەرمی (شەم)ی*** کچم

لە قەبرستانی وورگما

لە گۆڕیان دەنێم

مە بادا

خۆزگە بەحاڵی خۆیان بەرن و

نەفرەتمان لێ بکەن

* * *



مراك: کەوچك.

ئاورەحمانی زەولی:

ئەم زاتە لە سالی گرنییەکە واباس دەکرێ. هەمیشە سووراوەتەوەو خاکە ئازیکی بچووکی پی بووە لەهەر شوێنی یەکی بمردایە بە کۆلی خۆیا دەداو لە پشت سەرای ئیستا لە کۆیە لەقۆرتیکی دەنا.

تا ئەخۆشی لەناو شاردا بلاو ئەبیتەوە، وەك باس دەکرێ خاکەئازەکەی زۆر بچووك بووە، تا بتوانی هاتووچۆی پی بکا. مالیشی لە گەرەکی (قۆرتی) بووە.

شەم: کچی شاعیرە.

ئای شەڕ...
نێزەی گاسنی قینت
چیتر لە دڵی خاکم مەدە
نەمامی نەهامەتی مەچێنەو
بەخوێنی پیست ئاوی مەدە
لای من بەرت هەموو ساڵێ
دەگەندەنێ *
ئێستا لەگەڵ تۆ ڕاماوم
ئێمە بە داستانێ لە ئازایەتی
ناسرابووین
هەمێستا.. ئەو ئازایەتیە
نەهامەتی مەرگمانی پێ سپێراوە
تەنهاو ... تەنها ئازایەتیەکانمان
لەشەڕی خۆکوژیدا
خۆی دەنوێنێ
ئۆف شەڕ... ئاخ شەڕ

(کۆمەڵێ سەگ ..خوێنڕی بوو بوون .. کابرایەك نانی پێدان. کە کابرا ڕۆی بوو بەشەڕیان لەسەر نان هەموو سەرو کلکی یەکترییان قرتاند )

*دەگەندەنێ: جۆ یا گەنم کە باران بەکەمی دەبارێ و لێی دەدا. چەکەرە دەکا بەڵام سەوز نابێ واتە ناڕوێ.
** دێڕێ لە شیعری ئازاد محمود، بە هەندێ دەسکارییەوە.

ئاخ شەڕ

وڵاتەکەمت کردۆتە ئاگردان و

دەتەوێ بەرەو شەکەتی...

لە کۆڵم نێی

بۆ کوێم دەبەی .. هەردێمەوە

نا دۆڕێم ...نا دۆڕێم... نا.

ئەز نەوەی حاجی و صابرم *

دەست بەرداری داکم نابم

خۆشم لە قۆزاخەی

ئەشکەنجە ناخزێنم

کۆچ ناکەم... شەڕ ناکەم

( شەیتان.. ئیتر ڕۆن مەدە لەسنگت )**

خۆمن شەڕناسەکان نیم

لەگەڵ پاسپۆرتەکەم دا... بنووم و ..

وەك قەرەج ...

بەڵێ وەك قەرەجی ماڵ لەکۆڵ

هەموو دنیا...

بەوڵاتی خۆم بزانم و

لەبەر مەرامی ورگی برسیم

ببمە زکزاك ***

*صابر: مەبەست لەحاجی صابر کۆییە کە ناسراوە بەحاجی صابری عەتار. باپیری شاعیر.

** پەندە.

***زکزاك: ناوی ئەو باڵندەیە کە ددانی تیمساح پاك دەکاتەوە.

ئۆی شەڕ ...

ئای ئاهۆ *

بریاو... بریا

لەقەنارەی چەندەسەریی زریانی شەڕ

را نەچڵەکیمایە

فرمێسکی تیمساحاویم

بڕشتایە.

یا وەک گێلە بیاوان

تەنهاو... تەنها

لە [illegible] لە ویڵەکەی بترسامایە

ئای چەکداران

من ئاشتیم کردۆتە سەنگەری شادی و

کۆمەڵێ پەژارەییم ..لە پاشکۆم ناوە

هەموو ڕۆژێ لۆتان دەگریم ..

خۆتان لە تابووتی مەرگ ناوەو

تەنها دەست بەسنگەوە

سوپاسی ئەوانە دەکەن

کە لەبۆ مردن...

... لەکۆڵیان ناون

*ئاهۆ: دەرد، پەتا



## دۆزەخستان

وەی شەڕ خوازان

دەباساتێ دەرفەتە تۆزاوییەکان و

خەونی باڵادەستی لەگۆڕنێن

داو دۆزبن*.. ئاوێستاتان ** لە باوەش دەنێم

تاکەی مارگەستی نابن ***

سەروەری خۆتان بن

(مەمان شۆن بەگواوێ چاکەی دواییمان ناوێ )****

تەرە نابن لە مێژوو

مێژووی هیچ دڕکێ .. گوڵ نەبووە

داری شەڕ بەری هەر نەهامەتییە

هۆلاکۆ ... شەڕی لە ئامێزی نا

نغرۆ بوو

هێتلەر .. دنیای لەئامێزی گەلی نا بەشەڕ

ئەنجام ..شەکەت

بێ ئارامگا .. بەفەناچوو

ئێستا دەتانەوێ وێرانستانتان لە هێتلەر

باڵابەرز تربێ

ناوتان لە هۆلاکۆ ... جوانتربێ

(نەیرون) یشتان بە مێژوو بێ

خۆتان بڵێن ؟؟

ئێرە دۆزەخستانە یان نـــــا .

*داودۆز: بەمـــەلێک دموترێت کەهەست بەداو بکات.

ئاوێستا: کتێبی پیرۆزی زەردەشت.

مارگەست: مارانگاز

نەیرون: سووتێنەری رۆما



ئای شەڕ
لەگەڵ بیستنی ناوی بەشوومت
منی زامدار بەتۆ
شوێن هەڵگری پێ ڕەشەکانت دەبم
دروێنەی دەسکەوتەکانت .. دەکەم
بێ پاشەکشێ ..
ئەمانە لە باوەش دەنێم
کفن و خوێن ...... ترس و گرانی ...... پرسەو ڕەش پۆشی
گریان و هاوار ......... قەبرو نەهامەتی
سواڵ و ماڵ وێرانی لەگەڵ غەمو پەژارەش ...
.............................. کۆکەنی دەکەم*
برین و ئاویلکە ............ بۆنی بارودو ناڵەی بریندار
جەرگ سووتاوی و واوەیلا .. سنگ کوتانو نزا
برسێتی و دزی... ئاگرو ئاسن
لەگەڵ بۆگەنی جەستەی بەجێ ماو
دەسکەنە دەکەم

لەئامێزی خۆمیان دەنێم
بەسەریانا دەگریم...
هەر دەگریم...
تا ڕۆژێ بێ ...
... لەبۆم بلوێ

*کۆکەن: بەواتای دەسکەنە دێت، بەواتای گیارنینەوەش دێت.



بەهەودای لافیتەی رەشی*
مردووانی ئەو شەڕە
دەنك... دەنك ...
دەیانهۆنمەوە
بەناوی هەتیوان و بێوەژنانی...
ئەو نەهامەتییە
دەیکەمە ملی سەرکردەی
...سەرکەوتوو...... کەنییە
لەگەڵ نامەیەکی داخراو
کەتەنها... لەبۆ خۆم دەزانم
چم تیا نووسیوە
وێنەی کوژراوانی ئەو شەڕەش
لە تۆمارگای بیرم دەنێم
سا ئەگەر خەونی هەمووان هاتەدی
لەبەر سۆزی هەتیوانیان
پەیکەرێکیان لۆ دەکەم...
ناویان دەنێم
شەهیدانی سەر شێتی ئاشتی
( ئای کە وانیە )

*هەودا: ئاوەبەند

# دۆزەخستان

کات ... نیوە شەوە
دنیا تاریکستان .. بێ چرپە
تاق.. تاق ... تاق × ٣ ...بابە تەقەیە... ؟
گیانی بابە ...تەقەنییە ... هەورە تریشقەیە
پێڵوی چاوی بەرائەتی لێك دەنێو
گومانی هەورە تریشقەو ترس
خەوی لێ دەکاتە میوان
بێ دەنگ دێمە دەرێ...
هاوسێ کان دەبینم
مژدەی پێشوازیی شەڕ وەستان
لە مل یەکتر دەنێن
تاق..تاق..تاق ×٣... تەقەی خۆشییە
ئەو ساتە لەهەموو ساتێ زیاتر
مەترسی و بێزاری...
لەباوەشی کاولستانی ئەشکەنجەیا ...دەم گەوزێنێ
دەگریم... لەخۆم دەپرسم
ئەدی... ئەوو تفەنگانە نەبوون
شەڕییان پێدەکرا...
... یەکتریان دەکوشت
تۆ بڵێی ئەو تفەنگانە
عەقڵیان بە تەقەی خۆشی بشکێ و
بە ( تاڵی ) شەڕ... نەفامن

ئای ئازارەکانم...

دەزانم خۆتان لەبۆ سبەی ... مەلاس داوە.

خەڵکی... بەیانی کۆبوونەوەکان دەبینیٚ

شەڕناسەکان... یەکتری لە ئامێز دەگرن

خوێن خۆرەکانیش... چەپلە لێدەدەن

ئارامی دڵی پڕ خورپەی شار... دادەپۆشێ..!!

منیش وا دەزانم...

لەسەر پشکۆی ئاگری شەڕ...

بەتەنیا بەجێ ماوم... تەنهاو... تەنها

تەپەی لەپی دەستی سنگ کوتان

سنگ کوتانی کوڕ کوژراو... دەبیستم

کوڕەکەم ڕۆ... کوڕە قارەمانەکەم لەپای چی ڕۆ ؟

منیش هەر دەگریم

هەموو دەوڵەتان دەبینم

تەنانەت... پیاو کوژەکانم... دەبینم

ئەوانەش دەبینم...

کە خۆیان بێ نانن

زێڕەکانیان لە دەستیان

پاروەکانیان... لەدەمیان

دەترازێنن...

بۆ فەلەستین

بۆ هەڵەبجەش... کۆیلەو بەندی

بێ دەنگی... بوون

ئەفسوس*
لە ئێمەی بێ کەس
خۆمان... خۆمان... دەکوژین
هەربێ کەسین
بشمان کوژن...
... هەر بێ کەسین
دەسا مەرگ ویژدانت بێ
تا کەنگێ لەئامێزم ناگری
باپرسەی بێ کەسانیش نەبینم
باشیعری ئەو شاعیرە دوو ڕووانە نەبینم
لە بۆ فەلەستین و منالآنی...
تەل زەعتەریان نووسیوە
خۆیان و منداڵیان لەوان برسی تر
ولآتیان لەفەلەستین... بریندار تر
ئای فەلەستین...
نەتۆو... نەدۆستانت
تکایەکیان بۆ نەچاندین... لە ئەنفالا
دەبا هەر لەبۆ خۆمان... بگریم
هیوا پێ ڕەوکەکەشمان **
هەربینا ***
بووە باوێزەی بەر هەتاو!!!

*ئەفسوس: حەیف.
**پێ ڕەوکە: تازە سەرپێ کەوتوو.
***هەربینا: هاکا.. ئەوەندە دەزانیت.
****باوێزەی بەرهەتاو: بەمیوەیەك باوەراندوویەتی

ئای شەڕ
منی زامدار بەتۆ
مەرگ ڕەنجاو لەمن
کەسی ترت پێشك نایە
بەچڕنووکی پیست..
قەتماغەی ئازاری دڵی هەڵدەیتەوە
بەڕیشاڵی دڵی
پەتی قەنارەی لۆ بهۆنیتەوە
بیگەوزێنی لە خوێناوی شەڕداو
خۆڵ و دۆی نیشان بدەی
من رقم ناتۆرێ... لەتۆ
مووچەت... ڕسوایە
ئەوو خۆڵ و دۆیەیی...
کەس بە ڕەوای نابینێ...
لای من...
باشترە لە خوانی تۆ
دەیدەمە منداڵەکانم و
ڕاویان دەنێمە ژێر زەمینە
تاریکستانەکەمانەوە
تا جەرگی دایکیان... نەسووتێ
با دڵم خورپە نەکا



باساوا تۆز نەدیوەکانم

لە قرچوو هوڕی ئاگر نەترسن

با لە ئۆرگانەکانەوە...

فێری شەڕە جنێو نەبن

بابە دەتۆش لەگەڵمان وەرە خوارێ

دڵی بابە من ئاگام لەماڵەکە دەبێ

بابە توخوا... وەرە

با تەقە نەت کوژێ ...

دوایی کێ جەژنانەم باتێ...

... کێ سەیارەکەمان لێ بخوڕێ ..!

هەناسە جوانەکەی بابە... مەترسە...

بڕۆ بەلای (دارا دوو داری دی) یەکەتەوەو واهاتم بۆ لات

خوا تۆ لۆ داکت... داکیشت لۆ من بهێڵێ

تا ئەم نەمامە لە بۆ مێژوو... چەکەرە دەکاو

یەغباڵی* ئێوە ... لەئەستۆی شەڕ ناسان دەنێم

لە بۆ مانی خۆیان... ئەستۆیان

بەنەهامەتیی شەڕەوە لکاندوەو...

بوونە تە سیپەكو ئێمەیان لە ئامێزناوە

نەیاریش هێدی... هێدی

بۆ مەرامی رامان دەژێنێ

سیپەکیش... وەك بەردەبار**

هەر فڕی ئەدرێ...

*یەغباڵ: چارەنووس.

**سیپەك: ئەو سێ دارەیە کەمەشکەی پیا هەڵدەواسرێ.

***بەردەبار: ئەویەردەیە لەسەرتای بارێك دادەنرێ، بۆ هاوسەنگیی بارەکە.



# دۆزەخستان

ئای شەڕناسەکانی...

سەدەی بەردین

ساوایەکی برسی...

دایک دزراو... بێ پەنا

خۆی لە ئامێزم نا

دڵم کردە پەناگای

ئەمێستا...

... دایکی لە یاد چووە

تەنها سینەم... دەپێکێ

ئای سەدەی درۆ

... ئای ئاگری شەیتان

ئەم بەرگە کوشندەیە چییە

ئاودامان لەبەرت... هەڵکێشاون

بەچی چاووت... زەوت کردوون

وا هەنگاوی ئاشتییان پێکا

بەبڵێسەی ئاگری شەڕ

متمانەیان... تۆقاند

لەم شا دەرفەتە...

ناپاکیش بەخوێنی ڕقو کینە

ئاوی مەردایەتی‌دا

لە خوێنی ڕژاوی شەڕیشدا

نەهامەتیی بۆ ئێمە بژار کرد...

شەڕ خوازانی... چاوو ڕاوو درۆش
بەئاگری شەڕ...
... خۆیان گەرم کردەوە
بەخوێنیش...
تینوێتییان شکاند
تکای دایکانیان لە (پێ) ناو...
منداڵەکانیشیان... بەیدەست
بەون بوون سپارد...!!!
منیش هاتمە سەرچۆک*... بەڵێ هاتمە سەر چۆک
لەو خۆڵە بێ تاوانەی...
شەڕ ناسەکان.
بەخوێنی خۆیان و...
چەکی دوژمن
دەیکەنە قوڕاوێکی خەست !!!
بۆ سەری دایکە
کلۆڵە
کانیان...
( پێرار سەلاجەکەیان فرۆشت، پار تەلەفزیۆنەکەیان.
ئەم ساڵ ڕادیۆو موسەجیلەکەیان، بۆ نامووسیش خوا کەریمە )**

*هاتنە سەرچۆک: دانیشتن لەسەر ئەژنۆ، لەبەزین و تەسلیم بووندا بەکاردێت
**ئیسماعیل بەرزنجی

ئەفسوس...

جارێکی دی... ئەفسوس.

داپڵۆسین بڵێسەی کرد

پرسیار... لە سێدارە درا

وڵات... بووە مەنفا

شار... بەندیخانە

ئاڵا... کفن

گۆڕستان... سەیرانگا

ئەنفال بێ کفن... باڵابەرز

کوژراوان بەکفن... سەرکز...

قوتابخانەکان

پیکەری شەڕیان تاشی

شەڕ بووە هونەری جوانی

منیش...

تەنها... و... تەنها

لە مابەینی خۆماندا...

... نەترازێ ،



# دۆزەخستان

قارەمانێکی نەبەردم ناسی
لەشەڕی...!!!
... شەهید بوو.
ئافرەتێکی جوانیش...
لەهەوای ئازادیدا
... جەستەی خەملان .

ئەم قەصیدەیەش...
لە دایك بوو
ئەمێستا...
کوڕی ئەو قارەمانەو...
عارەبانەیەکی دەستیی دەبینم
هەموو ڕۆژێ چاوشارکێ
لەگەڵ پۆلیسدا دەکات
مەبادا، دایکی لەبرسا سەری
بابی...
... شۆڕبکا.

ئافرەتە جوانەکەش.
پەل بەست لە شەستییەکە...
قەصیدەکەی منیش کەس
... نەی خوێندەوە !!!
تا فرمێسکە بزە* بناسن و
منیش...
شادە مەرگ** بم.
لە دۆزەخستان

*فرمێسکەبزە: گریان لەخۆشییا.
**شادەمەرگ: سەکتەکردن لەخۆشییا.



سوپاسم بۆ مامۆستا ( عوسمان شەیدا ) کە بە زۆر دڵی پڕ لە ئازارمی بە ئێوە ناساند . وامنیش ڕاستیەك بێ زۆر لێکردن لە دڵمدا ئازاد دەکەم بۆ ئێوە کە لە ( شەڕی کورد کوژە ) دەترسم .

بەڵام ئەوەی لەلای من زۆر سەیرو سەمەرەیەو جێی پرسیارە : سەرکردەکانە . کە لەمن زیاتر لەو ئافاتە دەترسن ، تەنانەت لەشەوانی شەڕدا نانوون لەترسی هەڵهاتن .بەڵام خۆنەگەر هەڵیش نەیەن خۆیان باش دەزانن (( لەشەڕدا سەرکەوتوونیە؟! )) ئەدی ئەم شەڕە لە پای چی !

ئەم پرسیارە لە بۆ مێژوو بەجێ دەهێڵم ، گەر دەست لەملی یەك نەکەین هەموو .



# ماچ

گیانێکی هەردەم پڕ سۆزە
باوک دەییەخشێتە کۆرپەکانی
نازێکی تر لە بۆ خۆی دەچنێ
وەلێ من بێ بەری بووم لەو ماچە
سا بڕیار بێ لەبری بابم
کە بیری چووە ماچم بکا
دوو جار کۆرپەکانم
بەماچ گەورە بکەم
جارێ وەک باوک
جارێ وەک باپیرە

نرخی (١٥٠) دینار